# الإشارة إلى بعض أحداث حياة الأنبياء في شعر بعض الشعراء الكرد والفرس

الإشارة إلى بعض أحداث حياة الأنبياء في شعر بعض الشعراء الكرد والفرس
أ.م.د.أميد عزيز مصطفى
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان- العراق
umed.Mstafa@su.edr.kud

**الكلمات المفتاحية**: القرآن الكريم، تلميح، قصص الأنبياء، الشعر الكردي والفارسي.

**كيفية اقتباس البحث**

مصطفى , أميد عزيز , الإشارة إلى بعض أحداث حياة الأنبياء في شعر بعض الشعراء الكرد والفرس, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Reference to some events in the life of the prophets in the poetry of some Kurdish and Persian poets

**Umid Aziz Mustafa**
**Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Salahaddin University-Erbil\ Kurdistan Region-Iraq**
**umed.Mstafa@su.edr.kud**

**Keywords** : Holy Quran, Hint, Story of the Prophets, Kurdish and Persian Poetry.

**How To Cite This Article**
Mustafa , Umid Aziz , Reference to some events in the life of the prophets in the poetry of some Kurdish and Persian poets ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Referring is one of the best sources of meaning in literature. Stories, through which we see important and interesting events and stories; It is divided into several types and categories. Here, the focus of the study is to refer to some events in the life stories of the prophets in Kurdish and Persian poetry. Because the stories, narratives and verses of the Holy Qur'an relate to the lives of the prophets; literary phenomena are evident, especially in the works of Kurdish and Persian poets; which are mentioned. The importance of this research lies in the fact that no such research has been conducted in Kurdish literature. For this purpose, the research has been presented in three different topics; According to the magnitude of their events; their influence on Kurdish and Persian poets is evident and for some of them they have created high artistic images. To complete the research, the necessary poetic evidence from (8) books of poetry of Kurdish poets and (6) books of poetry of Persian poets; the aim

is to serve Kurdish literature and further enrich it. Historical-descriptive approach has been followed to organize the work.

The stories of the Holy Qur'an are related to the events of the lives of the prophets. Especially poets, this has been reflected in their poems. Pointing is one of the semantic aesthetic arts, which has several types; One of the types of telemarks according to the subject mentioned is the story of the lives of the prophets. This research is entitled: (Referring to some events in the lives of the prophets in the poetry of some Kurdish and Persian poets). The topics are entitled: (Prophet Abraham (pbuh), Prophet Noah (pbuh), Prophet Joseph (pbuh).

**الملخص**

الإشارة يُعد المرجع أحد أفضل مصادر المعنى في الأدب، فمن خلاله نطلع على الأحداث والقصص المهمة والمثيرة للاهتمام؛ وينقسم إلى عدة أنواع وفئات. وهنا تركز الدراسة على الإشارة إلى بعض الأحداث في حياة الأنبياء في الشعر الكردي والفارسي. لأن القصص والروايات والآيات القرآنية الكريمة تتعلق بحياة الأنبياء؛ وتبدو الظواهر الأدبية واضحة، وخاصة في أعمال الشعراء الأكراد والفرس؛ والتي تم ذكرها. وتكمن أهمية هذا البحث في أنه لم يتم إجراء مثل هذا البحث في الأدب الكردي. ولتحقيق هذه الغاية، تم عرض البحث في ثلاثة مواضيع مختلفة؛ وفقاً لحجم أحداثها؛ وكان تأثيرهم واضحاً على الشعراء الأكراد والفرس، وقد خلقوا لبعضهم صوراً فنية راقية. ولإكمال البحث تم الاعتماد على الأدلة الشعرية اللازمة من (٨) دواوين شعر للشعراء الكرد و(٦) دواوين شعر للشعراء الفرس؛ الهدف هو خدمة الأدب الكردي وإثرائه بشكل أكبر. وقد تم اتباع المنهج (الوصفي- التاريخي) لتنظيم العمل.

ترتبط قصص القرآن الكريم بأحداث حياة الأنبياء، وقد تجلى ذلك بوضوح في قصائد الشعراء. يُعدّ التأويل أحد الفنون الجمالية الدلالية، وله أنواع عديدة؛ ومن أنواع التأويل المذكورة هنا قصص حياة الأنبياء. عنوان هذا البحث: (الإشارة إلى بعض أحداث حياة الأنبياء في شعر بعض الشعراء الأكراد والفرس). أما المواضيع فهي: (النبي إبراهيم عليه السلام، والنبي نوح عليه السلام، والنبي يوسف عليه السلام).

## ئاماژەکردن بە چەند ڕووداوێکی ژیانی پێغەمبەران لەشیعری چەند شاعیرێکی کورد و فارسدا

پ.ی.د. ئومێد عزیز مستەفا

بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی-زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر\هەرێمی کوردستان-عێراق

umed.Mstafa@su.edr.kud

07502425405

**پوختە**

ئاماژەکردن یان تێلنیشان، یەکێکە لەباشترین سەرچاوەکانی مانا لەئەدەبیاتدا، بەهۆیەوە ڕووداو و بەسەرهاتی گرنگ و سەرنج ڕاکێشمان بیردەکەوێتەوە؛ کە خۆی لەچەند جۆر و بەشێکدا دەبینێتەوە. لێرەدا ئاماژەکردن بە چەند ڕووداوێکی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران لەشیعری

کوردی و فارسیدا، بۆتە کرۆکی توێژینەوەکە. چونکە چیرۆك و گێڕانەوەو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز پەیوەست بەژیانی پێغەمبەران؛ دیاردەی ئەدەبیی دیارن، بەتایبەتی لەبەرهەمی دەقی شیعری شاعیرانی کورد و فارسدا؛ کە ئاماژەیان پێکراوە. گرنگی توێژینەوەکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە تاکو ئێستا، هیچ توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە لەئەدەبی کوردیدا ئەنجام نەدراوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدراوە، توێژینەوەکە لەسێ تەوەری جیاوازدا بخرێتەڕوو؛ کە بەپێی گەورەیی ڕووداوەکانیان؛ کاریگەریان بەسەر شاعیرانی کورد و فارسدا دیارەو بۆهەندێکیان سەرچاوەی ئیلهامە و وێنەی هونەری بەرزیان لێ دروستکردووە. بۆ بەئاکام گەیاندنی توێژینەوەکە بەڵگەی شیعری پێویست لە (٨)دیوانی شیعری شاعیرانی کورد و (٦)دیوانی شیعری شاعیرانی فارس؛ بەنموونە وەرگیراوە و ئاماژەکان شرۆڤەکراون، کە ئامانج تیایدا خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی و زیاتر دەوڵەمەند کردنیەتی. بۆ ڕێکخستنی کارەکانیش پێڕەوی ڕێبازی (وەسفی- مێژوویی)کراوە.

**وشە سەرەکییەکان: قورئانی پیرۆز، تێلنیشان، چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران، شیعری کوردی وفارسی.**

**پێشەکی:**

چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز، پەیوەستن بەڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەرانەوە، ڕووداو بەسەرهاتەکان ئەوەندە بەهێز و کاریگەرن، سەرەنجی هەمووکەسێك ڕادەکێشن؛ بەتایبەتی شاعیران، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی لەشیعرەکانیاندا ڕەنگ بداتەوەو ئاماژەی پێ بکەن. ئاماژەکردن یان تێلنیشان یەکێکە لەهونەرەکانی جوانکاری واتایی، کە چەند جۆرێکی هەیە؛ یەکێك لە جۆرەکانی تێلنیشان بەپێی بابەتی ئاماژە بۆکراو، چیرۆکی ژیانی پێغەمبەرانە. ئەم توێژینەوەیەش لە ژێر ناونیشانی: (ئاماژەکردن بەچەند ڕووداوێکی ژیانی پێغەمبەران لە شیعری چەند شاعیرێکی کوردو فارس)دایە، کە هەوڵدراوە بەپێی پێویست لەچوارچێوەی سنووری ناونیشانەکەدا، توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەردا دابەشبکرێت، بێجگە لە کورتەیەك دەربارەی تێلنیشان، تەوەرەکان بەناونیشانی: (پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، پێغەمبەر نوح(د.خ)، پێغەمبەر یووسف(د.خ) )دایە. کە ئامانج لێی خزمەتکردنە بە ئەدەبی کوردی، لەچوارچێوەی زانستی ڕەوانبێژیدا. بۆ زیاتر ڕێکخستنی کارەکان بێجگە لە پێڕەوکردنی ڕێبازی(وەسفی- مێژوویی)، بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان سوود لە ڕێبازی کتێبخانەیی وەرگیراوە، پاشان ئەنجامەکان لەچەند خاڵێکدا کورت کراوەتەوە، لەوانە: شاعیرانی هەردوو نەتەوە(کورد و فارس)، توانیویانە زۆر بەڕوون و ئاشکرا؛ ڕووداوەکانی نێو چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران، وەکو هێماو ڕەمز ئاماژە پێبکەن. هەندێکجار بۆ مەبەستی تریش بەکاریان هێناوەو مەرامی خۆیانیان پێ دەربڕیووە. لەدوایدا کورتەی باسەکە؛ بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو. لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان بەپێی ڕیزبەندی(ئەلیف و بێ) کوردی تۆمارکراون.

**١- ئاماژە یان تێلنیشان (تلمیح):**

تێلنیشان هونەرێکە لەهونەرەکانی جوانکاری واتایی، لەزمانی عەرەبی(تلمیح)ی پێ دەگوترێت، لەزمانی فارسیش(اشارە، تلمیح)بەکاردەهێندرێت. شاعیران گرنگی و بایەخی زۆریان پێداوە، وەکو

هونەرێکی ڕەوانبێژی لەشیعرەکانیاندا؛ بەکاریان هێناوەو شیعرەکانیان پێ دەوڵەمەندکردووە. ئەم هونەرە پێناسەی زۆری بۆکراوە، لەوانە: عەزیزگەردی، دەڵێت: (تێل نیشان، ئەوەیە کەشاعیر بەوشەیەك، یان چەند وشەیەك، ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەکی خۆشەویست(د.خ)، یان پەندێکی پێشینان، یان قسەیەکی نەستەق، یان چیرۆك و ڕووداوێکی مێژوویی، یان ئەفسانەیەکی جیهانی، یان نەتەوایەتی...بکا)(٢٠٠٢،ل١٢٠). لەپێناسەیەکی دیکەدا هاتووە: (تێلنیشان، ئاماژەکردنە بەئایەتی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودە، یا چیرۆك یا پەندی پێشینان و زۆری تر بەشێوەیەك گونجاو بێ لەگەڵ چەمکی دەقەکە)(الهاشمی،١٩٦٠،ص٤١٨). لەشوێنێکی دیکەدا بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (تێلنیشان بریتیە لە ئاماژەدانی شاعیر بەئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەك، یان پەندێکی پێشینان و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بەسەرهات و هەرشتێکی تری هاوشێوە، بەڵام بێ ئەوەی، کە ئاماژە بۆشتێ دەکات، لەسەری بوەستێ و بەدرێژی باسی بکات، بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت) (عەبدوڵلا،٢٠١٢،ل١٤٦). ئەگەر بڕوانینە ئەم پێناسانە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی تێڕوانین و بابەتیەوە وەکو یەکن و جەخت لەسەر چەند بابەتێك دەکەنەوە، کە ئەدیب یان نووسەر لەبەرهەمەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات، بەڵام دەکرێت پەندی پێشینانی لێ جیابکرێتەوە، چونکە تایبەتەو دەچێتە خانەی هونەرێکی دیکەوە، ئەویش هونەری(پەندبێژی)ە، کە لەعەرەبی(ارسال المثل)ی پێ دەڵێن. کەواتە تێلنیشان یان ئاماژەکردن، هونەرێکی جوانکاریی واتاییە، کە هۆنەر لەبەرهەمەکەیدا ئاماژە بە ئایەتێك، فەرموودەیەك، چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران، یان داستان و ڕووداوە کارەسات بارە بەناوبانگەکان و ...تاد. دەکات؛ بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی لەسەر بدات. تێل نیشان بەپێی بابەتە ئاماژە بۆکراوەکە، دەکرێت بەچەند جۆرێك: (قورئانی پیرۆز، فەرموودەی خۆشەویست، چیرۆکی پێغەمبەران، ئەفسانەی خۆیی و بیانی، ڕووداوی مێژوویی و شوێنێکی ناودار...)(گەردی،٢٠٠٢،ل١٢٠). ئەم توێژینەوەیە سەر بە جۆری سێیەمە، کە ئاماژەکردنە بەچیرۆکی ژیانی پێغەمبەران، بەم شێوەی خوارەوە:

**٢-پێغەمبەر ابراهیم خلیل(د.خ):**

حەزرەتی ابراهیم(د.خ)، دووەمین پێغەمبەری(اولوالعزم)ە، (٦٩)جار ناوی لەقورئاندا هاتووەو سورەتێك بەناوی ئەوەوە ناونراوە، لەتەوراتدا ناوی ئەبرام (ابرام) هاتووە، لە قورئانیشدا ناوی بە(ابراهیم)هاتووە. خاوەنی شەریعەت و کتێبی ئاسمانییە بەناوی (صحف ابراهیم). بانگەوازی بۆ ئاینەکەی دەکرد، کە یەکتاپەرستی بوو، لەلایەن هەموو پەیڕەوانی یەکتاپەرستییەوە ڕێزی لێدەگیرێت، ناسناوی(خلیل رحمان)ە، بەواتای دۆستی خودا هاتووە(دخیل،٢٠١٢،ص١٧٦). پەروەردگار، لەسوورەتی(النساء) ئایەتی (١٢٥) دەفەرموویت:[واتخذ الله ابراهیم خلیلا] واتە:( پەروەردگار، ابراهیمی هەڵبژارد بە دۆست و خۆشەویستی خۆی)(بامۆکی،١٤٣٣ك، ل٩٨). لە ساڵی(١٩٩٦پ.م.)لە بابل لەدایك بووە، باوکی ناوی(تاروخ)ە، بەعەرەبی واتە: (اذر)ئازەر و دایکی ناوی(نۆنا) یا(امیله) بووە، هاوسەرەکانی ناویان(سارا و هاجەر) بووە. منداڵەکانی حەزرەتی(اسماعیل و اسحاق) بوون، لەکەنعان نیشتەجێ بوو، بەڵام لەساڵی( ١٨٢١پ.م. )کۆچ دەکات بۆ میسر، لە تەمەنی(١٧٥) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات؛ لە (فەلەستین) بەخاك دەسپێردرێت (ابن اثیر،١٩٨٨:ص١٨٤). یەکێك لەڕووداو بەسەرهاتە سەرنج ڕاکێش و کاریگەرەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، ڕزگاربوونی بوو لەناو ئەو ئاگرەی، کە لە سزای شکاندنی بتەکان بۆیان هەڵگیرساندبوو. پەروەردگار لە سوورەتی(انبیاء) ئایەتی(٦٨)، دەفەرموویت: [ قلنا

ينار كونى بردا وسلما على ابراهيم] واته:(ووتمان ئەی ئاگرسارد بەرەووەو بێ زیانبە لەسەر ئیبراهیم)(بامۆکی،١٤٣٣ك، ل٣٢٧). چیرۆکی پێغەمبەر ابراهیم(د.خ) ئەوەندە بەهێزو کاریگەرە شاعیرانی کورد و فارس لە بەرهەمەکانیاندا ئاماژەیان پێکردووە، بۆ نموونە:

- (سالم)ی شاعیر لە دێرە شیعرێکدا، دەڵێت:

لەسەر خاڵی ڕوخت کەس وەصفی خاڵی کەس نەکاختەمە

(خەلیل)ی پێ بڵێن نابێ کە هەر کەس جێی لە(ئاذەر) بێ (١٣٩٦،ل٩٧٦)

سالم لەنیوە دێڕی یەکەمدا وەسفی جوانی خاڵی ڕووی یارەکەی دەکات، کە خاڵی کەسی پێ بەراورد ناکرێت. بەڵام لەنیوە دێڕی دووەمدا ئاماژە بە پێغەمبەر ئیبراهیم خلیل(د.خ)دەکات. بێ ئەوەی هیچ شتێکی زیادەی لەبارەوە باس بکات، هەروەك چۆن كەس لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ) بەراورد ناکرێت، کاتێك کە دەخرێتە ناو ئاگرو بەفەرمانی خودا بەسەلامەتی دێتە دەرەوە، ئەم ئاماژەیە بۆتە تێلنیشان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەرلە چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)دا.

-سالم لەشیعرێکی تردا، دەڵێت:

دلبەری سالم ئەگەر بێت و بچێتە مەیکەدە

سەربەسەر بەیعەت دەکەن پێی بتپەرستی ئازەری (ل٩٠١)

سالم لەم دێڕە شیعرەدا، ئاماژە بە چیرۆکی بت پەرستانی سەردەمی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ) دەکات، کە ئەگەر یارەکەی بچێتە مەیخانە، ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێشە، ئەوانەی بتەکانی ئازەری باوکی پێغەمبەر ئیبراهیم خلیل(د.خ) دەپەرستن، لەسەر دەستی باوەڕ بە یەکتا پەرستی دەهێنن. ئەمەش تێلنیشانە ئاماژەکردنە بەچیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، کە باوکی(ئازەر)بتی دروستکردووەو بت پەرست بووە. شکاندنی ئەو بتانە بووەتە هۆکار بۆئەوەی ئاگرێکی گەورەی بۆ دابخەن و هەڵیبدەنە ناوی.

-مەلای جزیری لەدێڕەشیعرێکدا، دەڵێت:

گەر ژوێ حۆری سروشتی عیشوەیەك(اظهاربت)

دی ببت ناری خلیل الله دوژە ساربت (١٩٩٠،ل١٢٣)

جزیری لە نیوەدێڕی دووەمدا، ئاماژە بەڕووداوی چیرۆکی ژیانی حەزرەتی ئیبراهیم(د.خ) دەکات. شاعیر پێی وایە ئەگەر لەو حۆری سروشتە مەشخەڵێك ئاگری لێ دەرکەوێت، دۆزەخ وەکو ئەو ئاگرەی لێ دێت، کە بۆ پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ)یان کردەوە و خستیانە ناوی. بەڵام بە فەرمانی پەروەردگار سارد بۆوەو بە سەلامەتی هاتە دەرەوە. ئەمەش دەبێتە تێلنیشان بۆ ئەو ڕووداوەی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ) چونکە تەنها ئاماژەی بە ئاگرەکەی کردووەو درێژەی بە گێڕانەوەی چیرۆك و ڕووداوەکە نەداوە.

-سابیری لەشیعرێکدا، دەڵێت:

عیشق نازانێ وجوودی ئاگر و تۆفانی چەرخ

ئەی برادەر گەر بە ئیبراهیم و نووحت باوەڕە (١٣٩٦،ل٨٣)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا، باسی خۆشەویستی و عیشق دەکات، کە هیچ باکی نییە لەئاگرو لافاو و تۆفانی زەمانە، نموونەش بۆ ئەمە پێغەمبەر (ئیبراهیم و نووح)ھ(د.خ)، ئەگەر باوەڕت پێیان هەیە. لێرەدا شاعیر ئاماژەی بە ڕووداوی چیرۆکی خستنە ناو ئاگری پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)کردووە، وەك پێشتر باسی لێکراوە. ئەم ئاماژەکردنە تێلنیشانە بۆ چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ). هەروەها ئاماژە بە تۆفانەکەی پێغەمبەرنووح(د.خ)یش دەکات، کە

دەبێتە تێلنیشان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتی چیرۆکی ژیانی ئەویش. چونکە تەنها ئاماژەی بەناوەکانیان داوە، هیچ شتێکی دیکەی لەبارەوە باس نەکردوون.

-ناری لەدێڕەشیعرێکدا، دەڵێت:

بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوطفت بێ
ناری نەمروودی بەسەحنەی (جەننەتوالماوی)دەکا ( ۲۰۱۹،ل۳۸)

شاعیرلەم دێڕە شیعرەدا، باسی ئەوە دەکات، کە شنەبای گوڵشەنی ڕەحمەتی پەروەردگار رووبکاتە دۆستەکانی، ئەگەر لەناخۆشترین شوێن بن ئەبێت بەبەهەشت، وەکو ئەو ئاگرەی نەمروود بۆ پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)ی، ئامادەکردو بەفەرمانی خودا سارد بووەوە، بوو بە شوێنێکی خۆش لەبەهەشت. ئەم ئاماژەکردنە تێلنیشانە بۆ ڕووداوی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، چونکە تەنها ئاماژەی بەئاگرەکەی نەمروود کردووەو لەبارەی ڕووداوەکانی دیکەی چیرۆکەکەوە هیچی باسنەکردووە. شاعیرانی فارسیش بەهەمان شێوە، ئاماژەیان بەهەمان ڕووداو و چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ) کردووە، بۆنموونە:

- سەعدی شیرازی، دەڵێت:

گلستان كند أتشى برخليل
گروهى بر أتش برد ز أب نيل (۱۳٦۲،ص۱۰)

شاعیر لەنیوە دێڕی یەکەمدا ئاماژە بەڕووداوی چیرۆکی سامناکی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ) دەکات، کەلەلایەن نەمروود دەخرێتە ناو ئاگرو پاشان بەفەرمانی پەروەردگار بەسەلامەتی رزگاری دەبێت. تەنها ئاماژەی بەئاگرەکە داوە، ئەمەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ). لەنیوە دێڕی دووەمیشدا ئاماژە بە فیرعەون دەکات، کە پەروەردگار لەناو ئاوی نیل خۆی و سەربازەکانی نقوم کرد و لەناوی بردن.

-(حافظ شیرازی) لەدێڕە شیعرێکدا، دەڵێت:

يارب اين أتش كه برجان من است
سردكن ز انسان كه كردى بر خليل (۱۳٥٦،ص۱٦٥)

حافز لەنیوە دێڕی یەکەمدا داوا لە پەروەردگار دەکات، ئەو ئاگرەی بۆ سزادانی ئەو دانراوە، ساردی بکاتەوە کە مەبەستی ئاگری دۆزەخە، لەنیوە دێڕی دووەمدا ئاماژە بەڕووداوی خستنە ناوئاگری حەزرەتی ئیبراهیم(د.خ) دەکات، بێ ئەوەی ڕووداوەکە باس بکات تەنها ئاماژەی بەوەکردووە، کە پەروەردگار ئاگرەکەی وەکو ئاگری پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، سارد و بێ زیان بکات. ئەمەش بۆتە تێلنیشان بۆ چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ابراهیم(د.خ).

-(عطار)ی شاعیریش لەدێڕە شیعرێکدا، دەڵێت:

سريزن نمرود را همچون قلم
چون خليل الله در أتش نەقدم (۱۳۹۲،ص۱۳۱)

شاعیر لەم دوونیوە دێڕەی سەرەوەدا، تەنها ئاماژە بەوە دەکات، کە خەلیلی خودا بەقوڵایی نۆ پێ لەناو ئاگردایە. کە لەلایەن نەمرووەوە بۆی داگیرسێندراوە. بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی دیکە لەبارەی ڕووداوەکە باس بکاتو درێژەی پێ بدات. ئەمەش دەبێتە تێلنیشان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)،

-مولانا لەدێڕەشیعرێکدا هاوشێوەی شاعیرانی دیکە، ئاماژە بەهەمان ڕووداوی خستنە ناوئاگری پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)دەکات، دەڵێت:

من خليل وقتم و او جبرئيل

من نخواهم در بلا او را دليل (١٣٨٤،ص١٨٢)
شاعیر لەنیوەدێڕی یەکەمدا، تەنها ناوی (خلیل)و(جبرئیل)ی هێناوەو زیاتری باس نەکردووە. بەمەش ئاماژە بە ڕووداوەکە دەکات، کاتێك دەست و پێیەکانی دەبەستن و هەڵیدەدەنە ناو ئاگر، حەزرەتی جبرئیل دەگاتەلای، پێی دەڵێت پێویستت بەهیچ نییە؟ پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)یش،دەفەرمووێت: پەروەردگار کاری منی تەواوکردووەو پێویستم بەکەس نییە. ئەم ئاماژەکردنانە هەمووی تێلنیشانە بۆ ڕووداوی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ). لەم نموونە شیعریانەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ بەدەردەکەوێت، کە ڕووداوی نەسووتانی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ) لەنێو ئاگردا، ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بووە، شاعیران لەهەموو بەسەرهاتەکانی دیکەی پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ)، زیاتر ئاماژەیان پێ کردووە.
٣-پێغەمبەر نووح(د.خ):
لەبنەڕەتدا ناوی سەرەکی(عەبدولغەفار، عبدولمەلیك و عەبدول ئەعلا)یە، بەڵام بەهۆی زۆرگریانەوە ناویان ناوە(نووح). یەکەم پێغەمبەرە لەنێو پێغەمبەرانی (اولوالعزم)دا. پێغەمبەرانی یەکەم: بریتین لە: (نووح، ئیبراهیم، موسا، عیسی و پێغەمبەر محمد) (سەلامی خودایان لێبێت). هاوسەرەکەی ناوی(والیە)یە، پێغەمبەر نووحی بە شێت ناساند لەناو قەومەکەیدا، ئەمەش تاوانێکی گەورەبوو؛ دەرحەق بە پێغەمبەر نووح(د.خ)، ناوی کوڕەکانی(سام، حام، یافث و کنعان)بوو. چیرۆکی پێغەمبەر نووح(د.خ) لەگەڵ قەومەکەی، لەسوورەتەکانی (اعراف، مؤمنون, شعرا, قمر, انبیاء، نوح و هود) دایە. پیشەی خۆی دارتاشی بوو، بەڵام پەروەردگار، هەڵیبژارد و کردی بەپێغەمبەر؛ پەیامی بۆ نارد بۆ بانگەوازکردنی خەڵك بۆ یەکتاپەرستی و ملکەچبوون بۆ خودا. نزیکەی (٩٥٠)ساڵ بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی کرد،(الشعراوی،٢٠٠٦،ص٩٨). دوای ئەوەی قەومەکەی بەتەواوی گومڕابوون، دوعای لێیان کرد و پەروەردگاریش دوعاکەی گیراکرد. وەکو لە قورئانی پیرۆز سوورەتی(انبیاء) ئایەتی(٧٦-٧٧)دا، دەفەرمووێت: [ونوحا اذ نادى من قبل فاستجبناله فنجينه وأهله من الكرب العظيمOونصرنه من القوم الذين كذبوا بايتنا انهم كانوا قوم سوء فأغرقناهم اجمعين] واتە:((پێشتر پێغەمبەر نووح هاواری لە ئێمە کرد، ئەمجا ئێمەش وەڵاممان دایەوو بەدەنگییەوە هاتین، خۆی و ئیماندارانی خێزانەکەیمان ڕزگارکرد، لەتەنگانە گەورەکە، مەبەست لە لافاو و خنکانە))(بامۆکی،١٤٣٣ك، ل٣٢٨). ئەوەبوو پەروەردگار وەحی بۆ نارد و لە سوورەتی (هود, ئایەتی٣٧)؛ پێی فەرموو: [واصنع الفلك بأعيننا و وحينا ولا تخطبنى فى الذين ظلموا انهم مغرقون ] واتە:(( کەشتییەك دروست بکە، بەپێش چاو و چاودێری و فەرمان و نیگای ئێمە، هیچ قسەم لەگەڵدا مەکە لەبارەی ئەوانەی ستەمیان کردووەو بێ باوەڕن، چونکە بێگومان ئەوانە دەخنکێندرێن))(بامۆکی،١٤٣٣ك،ص٢٢٥). پاشان پەروەردگار، توڕەیی خۆی بەسەر قەومەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ)، داباراند و هەموویانی نوقمی لافاوەکە کرد. کەشتیەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ)، لەگەڵ باوەڕداران لەکێوی جودی گیرسایەوەو ڕزگاریان بوو. پەروەردگار، لە سوورەتی (هود، ئایەتی٤٧) دا، دەفەرمووێت: [ قيل ينوح اهبط بسلم منا وبركت عليك وعلى أمم ممن معك] واتە: ((ووترا ئەی نووح، دابەزە لە(کەشتیەکە) بەهێمنی و بێوەی لەلایەن ئێمەوە، وە بەپیت و فەڕی زۆر بەسەرخۆتەوە، وە بەسەر گەلانێك، کە پەیدا ئەبن لەوانەی کە لەگەڵ تۆدان، یا بەسەر ئەوخەڵکانەی لەگەڵ تۆدان))(بامۆکی،١٤٣٣ك،ص٢٢٧). ئەم ڕووداو و بەسەرهاتە ئەوەندە کارەسات باربووە، شاعیرانی کوردو فارس لەشیعرەکانیاندا ئاماژەیان پێکردووە. بۆ نموونە:

- سالم، لەدێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

نەحە وا خوێنی شەپۆل دا لە تەنوورەیی دیدەم
نووح بە هیچ مەرتەبە لەم مەرکەزە طوفانی نییە (١٣٩٦ :٨٨٣)

شاعیر لەنیوە دێری دووەمدا ئاماژە بە لافاوەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ) دەکات، بێ ئەوەی ڕووداو بەسەرهاتەکانی تۆفانەکە باس بکات، بەکورتی تەنها ئاماژە بە تۆفانەکە دەکات. لە شیعرەکەدا سالم باسی گریان و شین و واوەلیای خۆی دەکات بەشێوەیەك، کە خوێنی چاوەکانی شەپۆل دەدا، کەچی لافاوەکەی سەردەمی پێغەمبەر نووح(د.خ) بەئاو بووە، ئەمەش زۆریان جیاوازەو شەپۆلی خوێنین بەلای شاعیرەوە، پلەی بەرزترو گرنگترە. مەبەست لێرەدا ئاماژەکەیە، کە تێلنیشانە بۆ ڕووداوی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ). لەشیعرێکی تریشدا سالم، دەڵێت:

ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە ئەگەر نەگرێ نیظام
قەومی نووحیش دەچنە جەننەت بێ شك و شوبهە و گومان (١٣٩٦ :٥٣٦)

سالمی شاعیر لەم دێرەی سەرەوەدا ئاماژە بە قەومی پێغەمبەر نووح(د.خ) دەکات. پێی وایە سەرەڕای خراپی و بێ باوەڕی و زاڵم بوونیان، هێشتا باشتر بوونە لەچاو سوپای تورك. واتە سوپای تورك زۆرلە قەومی نووح (د.خ)، ستەمکارتربوونە. لێرەدا ئاماژەکردن بە خراپی قەومەکە تێلنیشانە بۆڕووداوە گەورەکەی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ)، چونکە ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە پەروەردگار هەموویانی بەیەکەوە سزاداو لەتۆفانەکەدا نقوم بوون و خنکان.

-بێسارانی لەدێڕەشیعرێکدا، دەڵێت:

ناڵەم جەعالەم ئایر خێزنا
ئەسرینم تۆفان نوح ئەنگێزنا (١٩٨٢،ص١٤١)

شاعیر لەنیوە دێری دووەمدا، ئاماژەی بە تۆفانەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ)کردووە. بێسارانی فرمێسکی خۆی، وەکو تۆفانی نووح (د.خ)و لەویش بەهێزتری داناوە، تەنها ئاماژەی بە تۆفانەکە کردووە، ئەمەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوی تۆفانەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ).، کە پەروەردگار لە سوورەتی هود، ئایەتی(٢٥-٤٩) و(سوورەتی المؤمنون)، ئایەتی (٢٣-٢٩)دا، باسی هۆ و هۆکاری تۆفانەکەی کردووەو سزای تاوانبارانی پێداوە.

-صافی لە دێڕەشیعرێکدا، دەڵێت:

جانا وەرە وا غەرقەیی طوفانی سروشکم
بێ(نوح)ی وەفات نابێ نەجاتم بە سەفینە (٢٠٠٤،ل٢٠٧)

شاعیر ئاماژە بە تۆفانەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ) دەکات، بەبێ ئەوەی باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکەی بکات و درێژەی پێ بدات، دەڵێ: گیانە وەرە من خنکاوم لە تۆفانی فرمێسکەکانمدا، ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەر نووح(د.خ)دانەبم؛ ئەوە بەکەشتیش ڕزگارم نابێت. ئەمە تێلنیشانە بۆ ڕووداوو تۆفانە سەرسوڕهێنەرەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ). کە ئەوانەی لەگەڵی سواری کەشتیەکە نەبوون ، هەموویان تیاچوون. باوەڕدارانیش هەموویان ڕزگاریان بوو. پەروەردگار، لەقورئانی پیرۆزدا، دەفەرموویت: [ انا لما طغى الماء حملناكم في الجارية ] (الحاقة،١١) واتە: ((بەڕاستی ئێمە کاتێك کە ئاوی تۆفان سەرکەوت، باپیرەکانی ئێوەمان هەڵگرت لەکەشتیدا ئەی بێ بڕوایانی مەککە))(بامۆکی،١٤٣٣ك:٥٦٧).

-صافی لەشیعرێکی تردا، دەڵێت:

صەبری(أیوب)م لەکوێ بوو؟ عومری نوحم چۆن ئەبێ؟

پێنچ و دوو ڕۆژێکم ماوه رووح که چوو نایێتەوە (٢٠٠٤: ٢١٧)

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا، ئاماژەی بە دوو چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران کردووە، یەکیان ئارام گرتنی پێغەمبەر ایوب(د.خ)، بەدەست ئێش و ئازارو نەخۆشیەوە. ئەویتریشیان تەمەنی درێژی حەزرەتی نووح(د.خ)ە، کە (٩٥٠) ساڵ ژیا و تەمەنی بە بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی بەرێکرد. ئەم ئاماژەکردنە ڕووداو بەسەرهاتە سەرسورهێنەرەکانمان بیردەخاتەوە لە چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ)، دیارترینیان هۆکاری لەناوچوون و خنکانی قەومەکەیەتی. کە بەبێ ئەوەی یەك ووشە دەربارەی ژیانیان بخاتەڕوو. پەروەردگار، لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: [ولقد أرسلنا نوحا الى قومه فلبث فيهم الف سنة الاخمسين عاما فأخذهم الطوفان وهم ظالمون](العنكبوت,١٤). واتە:((سوێند بەخوا، نووحمان نارد بۆ لای گەلەکەی بە(پێغەمبەر)ی، ئەوجا ئەویش مایەوە لەناویاندا، نۆسەدو پەنجا ساڵ(هەزار ساڵ پەنجاکەم)لەئاکامدا لافاو و زریان لەناوی بردن لە کاتێکدا ئەوان ستەمکاربوون)) (بامۆکی،١٤٣٣ك: ٣٩٧).

-حافظ، لەدێڕە شیعرێکدا، دەڵێت:

ای دل ارسیل فنا بنیاد هستی برکند

چون تو را نوح است کشتیبان ز توفان غم مخور (١٣٥٦: ٥٨)

شاعیرلەنیوە دێڕی دووەمدا ئاماژە بە ڕوودانی تۆفان و کەشتییەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ)دەکات، شاعیر پێیوایە کە دڵ سەرچاوەی غەمەکانە و دەڵێ ئەی دڵ ڕیشەی بوونت لەناو چێت، چونکە تۆ وەکو حەزرەتی نووح(د.خ) کەشتیەوانەکەی لە زریانی غەمدا. ئاماژەکردنەکە تێلنیشانە بۆ ڕووداوی نقوم بوونی گەلێك لە تۆفانەکەدا بەهۆی تاوان و گوناهەوە، لەکاتێکدا پێغەمبەر نووح(د.خ)، تەمەنێك لەناویان بوو، ئامۆژگاری دەکردن بۆ ڕێگای ڕاست و تەوبەکردن. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا، لەسوورەتی(عنکبوت، ئایەتی١٤-١٥)دا، باسی کردووەو ئێمەش لەنموونەی پێشتر خستومانەتە ڕوو.

-سعدی شیرازی، لەشیعرێکدا دەڵێت:

پسر نوح بابدان بنشست

خاندان نبوتش گم شد (١٣٦٢،ص٣٣)

شاعیر لەنیوە دێڕی یەکەمدا ئاماژە بەگفتوگۆی نێوان پێغەمبەر نووح(د.خ) و کنعانی کوڕی دەکات. هیچ باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکەشی نەکردووە، درێژەی بە گفتوگۆکە نەداوە. شاعیر دەڵێ: بابزانێ کوڕەکەی حەزرەت دانەنیشت و نەهاتە ناوکەشتیەکەوە، لەلافاوەکە خنکاو لەخێزانەکەی بزربوو. ئەمەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوی تۆفانەکە لەچیرۆکی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ)دا. وەکو پەروەردگار، لە قورئانی پیرۆز لە(سوورەتی هود)دا، دەفەرمووێت:[وهى تجرى بهم فى موج كالجبال ونادى نوح ابنه وكان فى معزل يبنى اركب معنا ولاتكن مع الكفرينOقال سئاوى الى جبل يعصمنى من الماء قال لاعاصم اليوم من أمر الله الا من رحم وحال بينهما الموج فكان من المغرقين] (٤٢-٤٣)، واتە:((کەشتیەکە دەیبردن بە ناو شەپۆلی وەك کێوو شاخ دا، نووحیش علیه السلام کوڕەکەی بانگ کرد(کەناوی کنعان بوو)کە لە شوێنێکی کەناردابوو(ووتی)ئەی کوڕی خۆشەویستم لەگەڵماندا سواربەو لەگەڵ بێبڕوایان مەبەO کوڕەکەی ووتی پەنا بۆ شاخێك دەبەم کە بمپارێزێت لەم لافاوە، پێغەمبەر(نووح)ووتی: ئەمڕۆ هیچ پارێزەرێك(پەنادەرێك)نییە، لە فەرمانی خوا(کەخنکانە)مەگەر کەسێك خوا ڕەحمی

پێ بکات و (باوەڕداربێت)، لەو کاتەدا شەپۆلێ لافاو کەوتە نێوانیان جا ئەو(کوڕە خنکاو لەخنکاوان بوو))(بامۆکی،١٤٣٣ك: ٢٢٦).
-مولانا لەدێڕەشیعرێکدا، دەڵێت:
همچوکنعان کاشنامی کرد او
که نخواهم کشتی نوح عد و (١٣٨٤: ٤٤٧)
مولانا لەم دێڕە شیعرەدا بەبێ درێژەدان بەڕووداو و گێڕانەوەی گفتوگۆی نێوان (کنعان و باوکی)، تەنها ئاماژە بە نەهاتنی کنعانی کوڕی پێغەمبەر نووح(د.خ)دەکات بۆ ناو کەشتیەکەوە، ئەمەش تێلنیشانە بۆ تەواوی ڕووداوی تۆفانەکە، لە چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ)دا، وەکو پەروەردگار، لەسورەتی(هود) ئایەتی(٤٣)دا، باسی کردووە. کە لەنموونەی پێشتر خراوەتەڕوو.
-مولانا لەشیعرێکی تردا، دەڵێت:
ازگر أن احمقان طوفان نوح
کرد ویران عالمی را در فصوح (١٣٧٦،٧٢٢)
مولانا لەنیوە دێڕی یەکەمدا ئاماژە بە تۆفانەکەی حەزرەتی نوح دەکات، کەچۆن هەموو بێ باوەڕانی لەناوبردو هەمووشتێکی وێران کرد. ئەمەش وەکو هەموو نموونەکانی دیکەی سەرەوە، دەبێتە تێلنیشان بۆ ڕووداوی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ)، بێ ئەوەی بەسەرهاتەکان باس بکات و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە بەراورد بە ڕووداوەکانی دیکەی ژیانی پێغەمبەر نووح(د.خ)، شاعیرانی کوردو فارس زیاتر ئاماژەیان بە تۆفانەکە کردووە، بەهۆی گەورەیی ڕووداو و بەسەرهاتەکەی.
٤- پێغەمبەر یووسف(د.خ):
چیرۆکی پێغەمبەر یووسف(د.خ)، لە قورئاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان باسکراوە، پێغەمبەر یووسف(د.خ)، لە فەلەستین لەدایك بووە، یەکێك بووە لە مندالە خۆشەویستەکانی پێغەمبەر یعقوب(د.خ)؛ بوو بە یەکێك لەگەورەترین پیاوەکانی مێژووی ئیسلام. پێغەمبەر یعقوب(د.خ)، دوازدە کوڕی هەبوو، باو باپیرانی بەناوبانگ بوون، لەناو هۆزەکانی بەنی ئیسرائیلدا. پێغەمبەر یووسف(د.خ)، یەکێك بوو لەدوازدە کوڕەکەی، دایکی ناوی (راحیل)بوو، لەسەرچاوەکان هاتووە، کە یووسف و دایکی جوانترین مرۆڤی سەر زەوی بوونە. لەقورئاندا سوورەتێك بەناوی پێغەمبەر یوسف(د.خ) ناونراوە؛ چیرۆکی ژیانی تیادا باسکراوە. پێغەمبەر یووسف(د.خ)، یەك برای هەبوو لەدایکی خۆی، ناوی (بنیامین)بوو،(نیشاپور،١٣٤٠: ٢٦٨). یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر یووسف(د.خ)ئەوەبوو، کە باوکی زۆری خۆش دەویست، لەهەموو شتێکی خراب دەی پاراست. پێغەمبەر یووسف(د.خ)، باسی خەونێکی بۆ باوکی گێڕایەوە، کە خۆرو مانگ و یانزدە ئەستێرە کرنۆشیان بۆ بردووە، باوکی یەکسەر لەمانای ئەم خەونە تێگەیشت و پێی ووت: نەکەی لای کەس باسی بکەی، تەنانەت لای براکانیشت نەیگێڕیتەوە، چونکە ئیرەیت پێ دەبەن. پێغەمبەر یووسف(د.خ)، خەونەکەی باس نەکرد، بەڵام براکانی ڕۆژبەڕۆژ ئیرەیی زیاتریان پێ دەبرد و پلانی کوشتنیان دانا، بەڵام دواتر پلانەکەیان گۆڕی و ڕێککەوتن؛ کە هەڵیدەنە ناو بیرێك و جێی بهێڵن. لەلای باوکیشیان بڵێن کورگ خواردی. هەموویان رازی بوون کە وابکەن، پەروەردگارلە قورئانی پیرۆزدا، لە سوورەتی (یوسف)دا، دەفەرمووێت: [فلما ذهبوابه وأجمعوا أن يجعلوه فی غيبت الجب](ئایەتی١٥). واتە: ((ئەمجا کاتێك یوسفیان برد لەگەڵ خۆیان هەموو بڕیاریاندا بیخەنە بنی بیرەکەوە)(بامۆکی،١٤٣٣ك،٢٣٧). ئێوارە کەچوونەوە بە باوکیان ووت: ئاگامان لەیوسف نەما و

گورگ هات خواردی، بەڵام باوكیان باوەڕی پێیان نەكرد، ووتی چ بەڵایەكتان بەسەر یوسف داهێناوە؟ ئەمە بووە سەرەتایەك بۆغەم و خەفەت و گۆشەگیری بۆ حەزرەتی یەعقوب(د.خ)، كوڕەكانی پێیان گووت ئەوەندە بیر لەیووسف دەكەیەوەو خەفەتی بۆ دەخۆی تاكو خۆت بەهیلاك دەبەیت و دەچیتە ڕیزی لەناوچووانەوە. پەروەردگار لە سوورەتی (یوسف) دا، دەفەرموویێت: [قالوا تالله تفتؤاتذكر یوسف حتی تكون حرضا أوتكون من الهلكین](ئایەتی٨٥). واتە: ((ووتیان سوێند بەخوا هەر وازناهێنی هەر بیری یوسف دەكەیتەوە، هەتا پەكت دەكەوێت بە نەخۆشی و خەفەت خواردن، یان دەمریت و دەچیتە ڕیزی لەناوچوان))(بامۆكی،١٤٣٣ك، ٢٤٥). دواتر یوسف لەلایەن كاروانچیەك دۆزرایەوەو بردیان بۆ میسر و فرۆشتیان؛ بە عزیزی میسر هاوسەری زولیخا، كە منداڵیان نەدەبوو. بەم جۆرە ڕووداو بەسەرهاتەكان دەستیان پێكرد؛ تاكو گەیشتە خۆشەویستی زولیخاو بوهتان پێكردن و خستنە زیندانەوە، پاشان لەڕێگەی خەون لێكدانەوە بۆ پاشای میسر ئازادكراو بوو بە بەرپرسی گەنجینەو بەرهەمەكانی میسر. لەدواییدا پاشای میسر پێغەمبەر یووسف(د.خ)ی، كردە حاكم و عەزیزی میسر. لەسەرچاوەكاندا واهاتووە، كە لە فەلەستین لەنزیك گۆڕی پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، لەلای(باوك)ی، بەخاك سپێردراوە(نیشاپور،١٣٤٠ :٢٨٥). پەروەردگار، تەواوی چیرۆك و بەسەرهاتەكانی لەقورئانی پیرۆزدا باسكردووە، لە سوورەتی (یوسف)دا، دەفەرموویێت: [ اذ قال یوسف لابیه یابت انی رأیت أحد عشركوكباواشمس والقمررأیتهم لی سجدینOقال یبنی لا تقصص رءیاك علی أخوتك فیكیدو لك كیدا ان الشیطن للانسن عدومبینOوكذالك یجتبیك ربك و یعلمك من تأویل الاحادیث و یتم نعمته علیك وعلی ءال یعقوب كما أتمها علی أبویك من قبل ابراهیم واسحاق ان ربك علیم حكیم]( ٤-٦). واتە: ((كاتێك یوسف بەباوكی ووت ئەی بابەگیان بەڕاستی من لەخەومدا دیم یازدە ئەستێرەو مانگ و ڕۆژ دیمن سوژدەیان بۆدەبردمO ووتی ئەی كوڕی شیرینم خەوەكەت مەگێڕەوە بۆ براكانت نەوەك بەهۆیەوە فێڵ و پیلانێكت لێ بگێڕن بەڕاستی شەیتان دوژمنێكی ئاشكرایە بۆ ئادەمیOئابەو شێوەیە هەڵت دەبژێرێت (بۆ پێغەمبەرایەتی) پەروەردگارت فێری لێكدانەوەی خەونەكانیشت دەكات وە نیعمەت و بەهرەی خۆی تەواودەكات بۆت وە بۆ بنەماڵەی یعقوبیش هەر چۆنێك تەواوی كرد بۆ هەردوو باپیرەت لەپێشدا كە ئیبراهیم و ئیسحاقن بەڕاستی پەروەردگارت زانای كاردروستە))(بامۆكی،١٤٣٣ك: ٢٣٦). بەم شێوەیە تەواوی چیرۆكەكە لەقورئانی پیرۆزدا گێڕدراوەتەوە بۆ پێغەمبەر(محمد)سەلامی خودای لێ بێت. شاعیرانی كورد و فارسیش، بەهۆی گەورەیی ڕووداوەكان بەشێوەیەكی بەرفراوان لەشیعرەكانیاندا، هەریەكەو بەجۆرێك ئاماژەیان بەڕووداوەكان كردووە. بۆنموونە:

- سالم، لەدێڕەشیعرێكدا دەڵێت:

نومایان كە صبا ئیعجازی یووسف وەختی ئیمدادە

غوبار بێنە لەكۆی جانانەوە بۆ دیدەیی تارم (١٣٩٦،ل٤٣٩)

شاعیر لەنیوە دێڕی یەكەمدا، تەنها ئاماژەی بەموعجیزەكەی پێغەمبەر یوسف(د.خ) كردووە، بەبێ زیادو كەم، ئەمەش تێلنیشانە بۆ یەكێك لەڕووداوە گرنگەكانی چیرۆكی ژیانی پێغەمبەر یوسف(د.خ). كە لەبنەڕەتدا ڕووداوەكە بەم جۆرەیە، كە بای شەماڵ بۆنی كراسەكەی لە دوورەوە بۆ باوكی دەبات، پاشان كە كراسەكەی بەدەست دەگات و بەسەر دەم و چاوی دادەدات، چاوەكانی ڕووناكی بۆ دەگەڕێتەوەو حەزرەتی یەعقوب(د.خ) چاوەكانی چاك دەبێتەوە. سالم لەنیوەدێڕی دووەم، داوا لە بای شەماڵ دەكات كە تۆزو غوباری مەكۆی مەعشوقەكەی

بۆ بهێنێت، کە بۆنی خۆشەویستەکەی لێ دێت بۆئەوەی چاوەکانی لەچاوەڕوانیدا ڕزگاریان بێت تارمایی نەمێنێ لەسەرچاوەکانی. یاخود لەدێڕێکی تردا سالم، دەڵێت:

گەیاندی بۆم صەبا بۆی عطری گێسوو
وەکوو پیراهەنی یووسف بە یەعقووب (ل١٥٥)

شاعیرلەم دێڕە شیعرەدا، ڕایدەگەیەنێت کە شنەی شەماڵ بۆنی بسکەکانی یاری بۆهێناوە، وەکو چۆن بای شەماڵ بۆنی کراسەکەی پێغەمبەر یووسفی(د.خ)، بۆ پێغەمبەر یعقوب(د.خ)باوکی برد. سالم لە نیوە دێڕی دووەمدا، ئاماژە بەکراسەکەی پێغەمبەر یوسف(د.خ)دەکات، بەبێ ئەوەی باسی هیچ شتێکی دیکە بکات، ئەمەش دەبێتە تێلنیشانە بۆ یەکێك لەڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی چیرۆکی ژیانی حەزرەتی یووسف(د.خ).کە بەموعجیزە دادەنرێت.

-مەلای جزیری، دەڵێت:

شوکر بیناهیيا من هات و یەعقووب دیدە ڕەوشەن بوو
ب بویا یووسفی میسری ل کەنعانێ بە سەرپەیدا (١٣٦١،ل٤٨)

شاعیرحاڵی خۆی بەحاڵی پێغەمبەر یەعقوب(د.خ) داناوە، چۆن لەدووری یووسف چاوەکانی کوێربوو، پاشان کە بۆنی یووسفی بەکراسەکەوە بۆهات، چاوەکانی ڕۆشن بووەوە، شاعیریش مژدەی خۆشی دەداو سوپاس بژێری دەکا، کە بینایی ئەو(یارە) هاتووەو ئیدی چاوەکانی ڕۆشن بووە. ئەمەش ئاماژەکردنە بە ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ).

لە دێڕە شیعرێکی تردا جزیری، باسی جوانی روخساری پێغەمبەر یوسف(د.خ)دەکات، دەڵێت:

یوسفی ثانی تو ئێرۆ خانم کو بحوسنا خوه نه دیری (ل٥٠١)

مەلای جزیری لەنیوە دێڕی یەکەمدا ئاماژە بە جوانی و بێ هاوتایی پێغەمبەر یوسف(د.خ)دەکات لەجوانیدا، کە بە یارەکەی دەڵێت: تۆ لەجوانیدا یەکەمی، ئەگەر سەیری مێژووش بکەین، لەدوای یووسف دووەمی، لەئێستاشدا تۆ دووەمت نییە. ئەمەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوە یەك لەدوای یەکەکانی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یوسف(د.خ)، کە لەبێ هاوتایی لەجوانیدا بەسەری هاتبوون.

-مەولەوی، لەشیعرێکدا دەڵێت:

مشکین خاڵێ یوسف جەماڵێ
مەحبوب جەلالێ، لەیلاسا حاڵێ (١٩٦١،ل٥٠٥)

شاعیر لەنیوە دێڕی یەکەمدا، ئاماژە بەجوانی ڕوخساری پێغەمبەر یوسف(د.خ) دەکات و هیچ شتێکی تری لەبارەوە باس نەکردووە. ئەمەش بۆتە تێلنیشان بۆ بەسەرهات و ڕووداوەکانی چیرۆکی جوانی پێغەمبەر یوسف(د.خ)، کە بەهۆیەوە بەسەری هاتوون. لەنیوە دێڕی دووەمیش باسی مەعشوق و حاڵی لەیلا دەکات.

-خانی، لەدێڕەشیعرێکدا دەڵێت:

یووسف تەچرا نوما زلەیخا
وامیق تە کوها گیهاندە عەزرا (١٩٨٩،ل٨)

شاعیر لەنیوەدێڕی یەکەمدا، ئاماژە بە یەکتر بینینی یووسف و زولێخا دەکات. بەبێ ئەوەی باس لەپیلان و پلانی زولەیخا بکات بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی، کە لە ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ)دا ڕوویاندا، ئاشکرایە کە زولەیخا ژنی(عەزیزی میسر)، چۆن عاشقی یووسف بوو، چۆن پلانی بینینی داناو، بووە مایەی کەوتنە زندانی حەزرەتی یووسف(د.خ)، بۆ ماوەی

حەوت ساڵ، پاشان ئازاد بوون و چۆنیەتی بەیەك گەیشتنیان بە فەرمانی پەروەردگار. هەموو ئەم ڕووداوانە بەهۆی ئەم بینینەیە کە شاعیر لەشیعرەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، واتە ئەم بینینە بۆتە تێلنیشان بۆ ئەم ڕووداوانەی، کەڕوویاندا لەژیانی حەزرەتی یووسف(د.خ). لەنیوە دێڕی دووەمیشدا ئاماژە بە یەکتر بینینی وامیق و عەزرا دەکات، کە دوو دڵدار بوونە، لەبنەڕەتدا چیرۆکەکە یۆنانییە.

-وەفایی،لەدێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

جانی عەزیزم بەسەری زولفی خاو

یووسفی دڵ چیدی لەزیندان مەکە (١٩٨٠،ل١٢٩)

شاعیر لەم شیعرەدا خۆشەویستەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە بەسەری زولفی خاوی چیتر دڵە بێ تاوانەکەی وەکو حەزرەتی یووسف(د.خ) لەزیندان مەکە. شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا، تەنها ئاماژەی بەزیندانیکردنی حەزرەتی یووسف(د.خ)کردووە، بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدات. ئەم ئاماژەکردنەش تێلنیشانە بۆ ئەو ڕووداوەی کە لەژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ)ڕوویدا، کە زولەیخا زۆری خۆشدەویست، پلانی بۆدانا بۆئەوەی پێی بگات، بەڵام حەزرەتی یووسف(د.خ) خۆی بەدەستەوە نەداو لەکۆتاییدا بەبێ تاوانیی خرایە زیندانەوە. سەبارەت بە چیرۆکی پێغەمبەر یووسف(د.خ)، نموونە شیعرییەکان لەشیعری کوردیدا، ئەوەندە زۆرن بە ڕاوکردنیان ڕاناگەین، بۆیە لێرە کۆتایی پێدەهێنیین. شاعیرانی فارسیش لەم بارەیەوە درێغیان نەکردووەو بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێکردووە، بۆنموونە:

-حافظ شیرازی, دەڵێت:

یوسف گم گشته باز أید بەکنعان غم مخور

کلبه احزان شود روزی گلستان غم مخور (١٣٥٦،ص٥٨)

حافظ لەنیوەدێڕی یەکەمدا، تەنها ئاماژە بە بزربوونی پێغەمبەر یوسف(د.خ) دەکات لەباوکی، شاعیرێ ئۆقرەبڕی حەزرەتی یەعقوب(د.خ) باس دەکات، دەڵێ : غەم مەخۆ ڕۆژێك یووسف دەگەڕێتەوە، بۆ کنعان و ڕۆژی خۆشی و خۆشحاڵی بۆ ماڵە خەماویەکەت دەگەڕێتەوە. ئاماژەکردن بە بزربوونی حەزرەتی یووسف(د.خ) تێلنیشانە بۆ ڕووداوی ئەو بەسەرهاتەی، کە براکانی ناپاکییان لەگەڵ کردو فڕێیان دایە ناو بیرەوە. پەروەردگارلە قورئانی پیرۆزدا، لە سوورەتی (یوسف،ئایەتی١٥)دا، دەفەرموێت: [ فلما ذهبوابه وأجمعوا أن يجعلوه في غيبت الجب]. واتە: ((ئەمجا کاتێك یوسفیان برد لەگەڵ خۆیان هەموو بڕیاریاندا بیخەنە بنی بیرەکەوە)(بامۆکی،١٤٣٣ك،٢٣٧). و بەبێ یووسف دەگەڕێنەوە بۆماڵ. لەشیعرێکی تردا حافظ، دەڵێت:

هرأنكه كنج قناعت به گنج دنيا داد

فرخت يوسف مصری بەکمترین ثمنی (١٣٥٦،ص٤٣٢)

شاعیر لەم دێڕەی سەرەوەدا، ئاماژەی بە فرۆشتنی پێغەمبەر یووسف(د.خ) کردووە، کە بەهەرزانترین نرخی داوە، ئەم ئاماژەکردنەش تێلنیشانە بۆ بەشێك لەچیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ). پەروەردگار، لە(سورەتی یوسف)دا، دەفەرموێت: [وشروه بثمن بخس دراهم معدودة وكانوا فيه من الزاهدينO وقال الذى اشتره من مصرلمرأته أكرمى مثواه عسى]. (ئایەتی ٢٠) واتە: (فرۆشتیان بەنرخێکی کەم کە چەند درهەمێك بوو ئەوان بێ نیاز بوون لێی(چونکە دەترسان رازیان دەرکەوێت)Oئەوکەسەی لەمیسر بەژنەکەی ڕێزی لێ بگرە شوێنی حەوانەوەی چاکی بۆ ئامادەبکە بەڵکو سودمان پێبگەیەنێت)(بامۆکی،١٤٣٣ك، ٢٣٧).

حافظ، له شیعرێکی تردا، دەڵێت:

پیراهنی که آید از او بوی یوسفم

ترسم برادران غیورش قبا کنند (٣٤١)

شاعیر لەم دێڕەدا، ئاماژە بە بۆنی کراسەکەی یووسف دەکات، ئەوکراسەی, کە لە دوورەوە دێت، بۆنی یووسفی لێ دێت، بەڵام ترسم هەیە لە براکانی؛ بەغیلی پێ بەرن و کارێك بەو کراسە بکەن. ئاماژەکە تێلنیشانە بۆ بەشێك لەڕووداوی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ). کاتێك یووسف کراسەکەی خۆی لەمیسر دەدات بە لاوی برای و پێی دەڵێت, کە بیبات بۆ باوکی پێغەمبەر یعقوب(د.خ). کە بەرووخساری خۆی دابدات و چاوەکانی چاك دەبنەوە. پەروەردگار لە سوورەتی (یوسف ئایەتی ٩٤)دا، دەفەرموویت: [ و لما فصلت العیر قال أبوهم انی لاجد ریح یوسف لولا أن تفندون]. واتە: ((کاتێك کە کاروانەکە لەمیسر دەرچوو باوکیان ووتی بەڕاستی من بۆنی یووسف هەست پێ دەکەم ئەگەر بەخەلەفاو و بێ عەقڵم دانەنێن))(بامۆکی،١٤٣٣ك، ٢٤٦).

-سعدی شیرازی، دەڵێت:

چو یوسف کسی در صلاح وتمیز

بەیك سال باید که گردد عزیز (١٣٦٢،ص٣٣٢)

سعدی لەم دێڕە شیعرەدا، ئاماژە بەو ناسناوە دەکات، کە پاشای میسر بۆ یووسفی دانا، پێی گووت: ناوت دەکەم بە(عەزیزی میسر)، بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی پاك و چاکە خوازو دڵسۆزبووە، بەڕاست و دروستی خەونەکەی بۆ لێکداوەتەوەو چارەسەری بۆ کێشەکان دۆزیوەتەوە. ئەمەش تێلنیشانە بۆ بەشێکی تری ڕووداوەکانی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ)، کە لە ناو زیندان و لەدوای ئازادکردنی لەزیندانیشدا ڕوویداوبوو.

-سعدی، لەدێڕە شیعرێکی تردا، دەڵێت:

زلیخا چوگشت از می عشق مست

به دامان یوسف در أویخت دست

غم ألوده یوسف بەکنجی نشست

بەسر برز نفس ستمگارە دست (ص٣٨٩)

سعدی لەهەردوو بەیتەکەدا، تەنها ئاماژە بەخۆشەویستی زولەیخا بۆ یووسف(د.خ)دەکات. بێ ئەوەی ڕووداوەکان بخاتەڕوو یان درێژەی پێبدات و زانیاری دیکە باس بکات. کەچی ئەم خۆشەویستییەی زولەیخا بەجۆرێکە ئۆقرەی لێ دەبڕێت و دەکەوێتە پلان دانان بۆ یووسف و دەیباتە ژوورەکەی خۆی، هەموو دەرگاکانی لەسەر دادەخات و خۆی بۆ دەنوێنێت. یووسف ڕادەکات لەدەستی و لەدواوە کراسەکەی ڕادەکێشێت و دەدڕێت. پاشان بەستەم دەیخەنە کونجی زیندانەوە. ئەمەش تێلنیشانە بۆ لایەنێکی ڕووداوەکانی چیرۆکی خۆشەویستی زولەیخا بۆ یووسف و سەرەتای کێشەو ڕووداوی نوێی ناو بەسەرهاتەکانی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ).

لە دێڕە شیعرێکی تردا سعدی، دەڵێت:

قضا نقش یوسف جمالی نکرد

کەماهی گورش چو یونس نخورد (ص٤٣٨)

شاعیر لەنیوەدێڕی یەکەمدا، ئاماژە بە جوانی ڕووخساری پێغەمبەر یووسف(د.خ) دەکات. نیوەی جوانی دونیا دراوە بە حەزرەت و نیوەکەی تریش بە خەڵك. ئەم جوانیەش ببوە کێشە و سەرەتای چەند ڕووداوێکی گەورە بۆی. لەنیوە دێڕی دووەمیشدا شاعیر ئاماژە بەچیرۆکی ژیانی

پێغەمبەر یونس(د.خ) دەکات، کە هەڵیدەدەنە ناو ئاو و ماسیەکی گەورە قوتی دەدات، ماوەی (٤٠)ڕۆژ لەناو سکی دادەمینێتەوە، پاشان پەروەردگار پاڕانەوەو پەشیمان بوونەوەی گیرا دەکات و لەناوسکی ماسیيە گەورەکە ڕزگاری دەکات. ئەم دێڕە شیعرەش تێلنیشانە بۆ چیرۆکی ژیانی هەردوو پێغەمبەر یووسف و یونس(د.خ)یان لێبێت.

مولانا، لەشیعرێکدا، دەڵێت:

این نفس جان دامنم برتافته است

بوی پیراهان یوسف یافته است (١٣٦٧،ص١٧٩)

لەنیوە دێڕی دووەمدا شاعیر، ئاماژە بە بۆنی کراسەکەی یوسف(د.خ)دەکات، کەباوکی پێیدابوو، ئەمەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوەکانی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ)، کە بەهۆی ئەم کراسەوە ڕوویانداوە. چونکە بۆنی ئەم کراسە معجیزەی گەورەی لەخۆگرتبوو. لە دێڕێکی تردا مولانا، دەڵێت:

أمد از أفاق یار مهربان

یوسف صدیق راشد میهمان (ص٢٤٣)

مولانا، لەنیوە دێڕی دووەمدا، تەنها ئاماژە بەناوی یوسفی صدیق(د.خ) دەکات بەبێ درێژەدان و گێڕانەوەی ڕووداوەکەی، کە باس دەکات و دەڵێت: لەدوورەوە هات هاوڕێی میهرەبان، بووە مێوانی یووسفی صدیق لەزیندان. ئەمەش تێلنیشانە بۆ بەشێك لە چیرۆکی پێغەمبەر یووسف(د.خ)، کە لەزیندان دابوو، دوو برادەری خەون دەبینن و بۆی دەگێڕنەوەو ئەویش بۆیان لێکدەداتەوە، کەیەکێیان ئازاد دەبێت و ئەویتریشیان لە سێدارە دەدرێت، ئەوانیش ناویان نابوو یووسفی صدیق. ئەو برادەرەی کە ئازاد کرابوو، بۆلێکدانەوەی خەونی پاشای میسر گەڕایەوە لای یووسف(د.خ) لە زیندان بۆ گێڕانەوەو لێکدانەوەی خەونەکە. پەروەردگار، لەسوورەتی یوسف، ئایەتی( ٤٦) بەهەمان ناو (یوسف صدیق) ناوی دەهێنێت و دەفەرمووێت: [یوسف أیها الصدیق أفتینا فی سبع بقرات سمان یأکلهن سبع عحاف وسبع سنبلت خضر وأخر یابست لعلی أرجع ألی الناس لعلهم یعلمون] واتە:((هات ووتی) یوسفی ڕاستگۆ مانای ئەو خەوەمان پێ بڵێ چییە؟ حەوت مانگای قەڵەو کە حەوت مانگای لەڕوو لاواز بیانخوات، هەروەها حەوت گوڵی دانەوێڵەی سەوز و حەوت گوڵی ووشك تا من بگەڕێمەوە بۆلای خەڵکی بۆ ئەوەی ئەوان ئەوە بزانن))(بامۆکی،١٤٣٣ك، ١٢٦).

-صائب تبریزی، لەشیعرێکدا، دەڵێت:

سجده مه أرند خورشید و مه وانجم ترا

قسمت یوسف نشد در خواب بازاری چنین (١٣٦٤،ص٤٣٢)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا، ئاماژە بەخەون بینینەکەی پێغەمبەر یووسف(د.خ) دەکات، کە خۆر و مانگ و ئەستێرە سوجدەی بۆدەبەن، ئەمەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوی چیرۆکی ژیانی حەزرەت و سەرەتای مژدە پێدانی بووە، کەدەبێتە پێغەمبەر و لەلایەن پەروەردگارەوە هەڵبژێردراوە. لە قورئانی پیرۆزدا لە( سوورەتی یوسف ئایەتی٤)دا، باسکراوە وەکو ئەوەی کە پێشتر خستمانەڕوو.

- صائب تبریزی، لە دێڕە شیعرێکی تردا، دەڵێت:

کجا روشن شود چشم زلیخا بر تن یوسف

که عصمت سرزند از جیب تاپیراهن یوسف (ص٥٤٢)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا، پێچەوانەی زۆر لە شاعیران، کە باس لەچاك بوونەوەی چاوی پێغەمبەر یعقوب(د.خ)دەکەن، بەڵام صائب باس لە چاك بوونەوەی چاوی زولێخا دەکات، بە

ئاماژەدان بەکراسەکەی پێغەمبەر یووسف(د.خ)، کە تێلنیشانە بۆ بەشێك لەڕووداوی چیرۆکی خۆشەویستی پێغەمبەر یووسف(د.خ). کاتێك زولێخا لەبەر گریان و چاوەڕوانی هەردوو چاوی لەدەست دابوو، پاش باوەڕهێنان و تەوبەکردن، دانپیادانان بە گوناهەکەی و سەلماندنی بێتاوانی یووسف، پەروەردگار کراسەکەی حەزرەتی یووسف(د.خ)، کردی بە هۆکار بۆ چاککردنەوەی چاوەکانی و ڕۆشنایی بۆ گەڕاندەوە.

## ئەنجام

لەکۆتاییدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران، بەپێی گەورەیی ڕووداوەکانیان؛ کاریگەریان بەسەر شاعیرانی کورد و فارسدا دیارە. بۆهەندێکیان سەرچاوەی ئیلهامە و وێنەی هونەری بەرزیان لێ دروستکردووە.

٢- شاعیرانی کورد و فارس، ئەوەندە بەورد و وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی پێغەمبەراندا کردووە، بەشێوەیەکی زۆر و فرەچەشن لە شیعرەکانیاندا دەبینرێت، تا ئەو ڕادەیەی کە بەڕاو کردنیان ڕاناگەی، بەتایبەتی ڕووداوەکانی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر یووسف(د.خ) ؛ کە پشکی شێری بەرکەوتووە.

٣-شاعیرانی هەردوو نەتەوە(کورد و فارس)، توانیویانە زۆر بەڕوون و ئاشکرا؛ ڕووداوەکانی نێو چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران، وەکو هێماو ڕەمز ئاماژە پێبکەن. هەندێکجار بۆ مەبەستی تریش بەکاریان هێناوەو مەرامی خۆیانیان پێ دەربڕیووە.

٤- ئاماژەکردن یان تێلنیشان، وەکو هونەرێکی جوانکاری واتایی، هۆکارێکە بۆ خستنەڕوو و بەسەرکردنەوەی وێستگە گرنگەکانی ژیان و بەسەرهاتی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەرانی ناوبراو، کە لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، بەپوختی وەرگیراون؛ بۆتە هۆی ئەوەی لە دەرگا فراوان و کراوەکانی شیعری کوردی و فارسیدا بچێتە ژوورەوەو دەوری کاریگەر ببینێت.

٥- شاعیرانی ناوبراو لەئەدەبی کوردی و فارسیدا، زیاتر ئاماژەیان بەڕووداو بەسەرهاتە دیار و گەورەکانی ژیانی پێغەمبەران کردووە؛ وەکو ڕووداوی ئاگرەکەی نەمروود بۆ پێغەمبەر ئیبراهیم(د.خ)، یان تۆفانەکەی پێغەمبەر نووح(د.خ) بۆ قەومەکەی و ...تاد. .

## لیستی سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

- **کتێبەکوردیەکان:**

- بامۆکی، مامۆستا مەلا محمد مەلا صالح(١٤٣٣ك)، وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی، کۆمەڵگەی مەلیك فەهد، مەدینە منەوەرە.

- بێسارانی، مصطفی قطب الدين(١٩٨٢)، دیوانی شیعری، کۆکردنەوەی کیومرث نیك رفتار، چاپخانەی(الادیب)، بەغداد.

- خانی، احمد ئەلیاس رۆستەم(١٩٨٩)، مەم و زین، ئامادەکردنی هەژار، پاریس.

- سابیری، شێخ نەجمەددین شێخ عەبدوڕەحمان(١٣٩٦)، دیوانی سابیری، لێکۆڵینەوەو ڕێکخستنی سەیید نەجمەددین ئەنیسی، انتشارات امام ربانی، سنندج.

- سالم، عەبدوڕەحمان بەگی ساحێبقران(١٣٩٦)، دیوانی شیعری، لێکدانەوەی اسماعیل کەسنەزانی، پێداچوونەوە کامل کەسنەزانی، بڵاوکراوەی ئاڵای ڕووناکی، چاپی یەکەم، سنە.

- عەبدوڵلا، ئیدریس(٢٠١٢)، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.

- گەردی،عەزیز(٢٠٠٢)، ڕەوانبێژی، چاپخانەی ئارام، چاپی دووەم، بەغداد.

- مەولەوی، عەبدول ڕەحیم مەلا سەعید تاوەگۆزی(١٩٦١)، دیوان، ئامادەکردنی مەلا عەبدلکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی (النجاح)، بەغداد.

- مەلای جزیری، شێخ احمدمحمد(١٩٩٠)، شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی (دارالحكمة)، هەولێر.

- ناری، مەلاکاکە حەمە بێلوو(٢٠١٩)، دیوانی ناری، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی: عوسمان عارف ناری زادە، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

- وەفایی، میرزا عەبدول ڕەحیمی سابڵاخی (٢٠١٢)، دیوانی شیعری، کۆکردنەوە بەراوردکردنی سەید عوبەیدوڵلای ئەیوبییان،ساغکردنەوەی عوسمان دەشتی، چاپخانەی شفیق، بەغداد.

- صافی، مصطفی کوڕی کاك عبداللهی هیرانی(٢٠٠٤)، دیوانی صافی، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.


- **<u>کتێبەفارسیەکان:</u>**

- حافظ شيرازى، خواجه شمس الدين محمد(١٣٥٦)، ديوان، به تصحيح دكتر رشيد عبوضى و دكتر اكبر بهروز، مؤسسه تاريخ و فرهنگ، تبريز-ايران.
- زمانى، مصطفى(١٣٨٦)، قصه‌هاى قرأن، انتشارات علمى وفرهنگى، تهران.
- سجادى، صادق(١٣٧٤)، ابراهيم خليل(ع.ص)، در دائره المعارف بزرگ اسلامى، ج٢، تهران.
- سيد، على هاشم(١٣٨٣)، تأريخ انبياء، قصص قرأن از أدم تا خاتم النبيين، چ١، انتشارات معارف انديشه، تهران.
- شيرازى، سعدى مصلح الدين(١٣٦٢)، ديوان غزليات استاد سخن سعدى شيرازى،به كوشش خليل خطيب رهبر،انتشارات مهتاب، تهران.
- عطار،شيخ فريدالدين(١٣٦٥)، منطق الطير به تصحيح و حواشى سيد صادق گوهرين، چاپ چهارم، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران.
- مولانا،جلال الدين محمدبلخى(١٣٧٨)، كليات شمس تبريزى، به‌تصحيح بديع الزمان فروزانفر، انتشارات اميركبير، تهران.
- نيشاپورى، اسحاق ابراهيم(١٣٥٤)، قصص الآنبياء، مصحح حبيب نعمايى، بنگاه نشر وترجمه كتاب، تهران.
- صائب تبريزى،ميرزا محمدعلى(١٣٦٤)، ديوان شش جلد، به كوشش محمدقهرمان، چاپ اول، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران.
- <u>كتێبە عەرەبیەكان:</u>
- ابن اثير،على ابن محمد(١٣٨٥)، الكمال فى التاريخ ، دارصادر-داربيروت، بيروت.
- دخيل،على محمدعلى(٢٠١٢)، القصص وسيرة الذاتيه، ط١، دار السلام، مصر.
- الشعراوى،محمد متولى(٢٠٠٦)، قصص الانبياء ومعها سيرة الرسول(ص.)، الطبعة الخامسة، دار التنوير، القاهرة.
- ابن كثير،ابى الفداء اسماعيل(١٩٨٨)، قصص الآنبياء، تحقيق مصطفى عبدالولحد، الطبعة الثالثة، مكتبة الطالب الجامعى، وزارة الاعلام، مكةالمكرمة.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

**List of sources**

- The Holy Qur'an

- **<u>Kurdish Books:</u>**

- Bamoki, Mullah Mohammed Mullah Saleh (1433 AH), translation of the Holy Quran into Kurdish, King Fahd Society, Medina.

- Besarani, Mustafa Qutb al-Din (1982), Diwani Shi'ri, Collected by Kiumrth Nik Raftar, Al-Adib Printing House, Baghdad.

- Khani, Ahmad Elias Rostam (1989), Mam o Zeen, prepared by Hazhar, Paris.

- Sabiri, Sheikh Najmaddin Sheikh Abdurrahman (2017), Diwani Sabiri ,Research and Organization of Sayyid Najmaddin Anisi, Imam Rabani Publishing House, Sanandaj.

- Saleem, Abdurrahman Beg Sahebquran (2017), Diwani Shi'ri, Interpretation by Ismail Kasnazani, Review by Kamil Kasnazani, Alai Runaki Publishing House ,First Edition, Sanaa.

- Abdullah, Idris (2012), Beauty of Classical Kurdish Poetry, Hevi Printing House, 1st Edition, Erbil.

- Gardi, Aziz (2002), Psychology, Aram Printing House, Second Edition ,Baghdad.

- Rumi, Abdul Rahim Mullah Saeed Tawgozi (1961), Diwan, prepared by Mullah Abdulkarim Muderis, Al-Najah Printing House, Baghdad.

- Mala Jaziri, Sheikh Ahmad Mohammed (1990), Something About His Life and Works, Ezeddin Mustafa Rasul, Dar al-Hikma Printing House, Erbil.

- Nari, Malakaka Hama Beloo (2019), Diwani Nari, compiled and researched by: Osman Arif Narizadeh, third edition, Chawar Chira Printing House ,Sulaimani.
- Wafaee, Mirza Abdul Rahimi Sablakhi (2012), Diwani Shi'ri, Comparative Comparison of Sayyid Obaidullah Ayyubian, Published by Osman Dashti, Shafiq Printing House, Baghdad.
- Safi, Mustafa son of Mr. Abdullah Hirani (2004), Diwani Safi, Mohammed Mullah Mustafa Hirani, First edition, Ministry of Education Printing House ,Erbil.
- **<u>Persian books:</u>**
- Hafiz Shirazi , Khawaja Shamsuddin Mohammad (1977), Divan, edited by Dr. Rashid Abuzi and Dr. Akbar Bahrooz, History and Culture Institute, Tabriz, Iran.
- Zamani, Mostafa (2007), Quran Stories, Scientific and Cultural Publications, Tehran.
- Sajadi, Sadeq (1995), Ebrahim Khalil (AS), in the Department of Islamic Enlightenment, Vol. 2, Tehran.
- Seyed, Ali Hashim (2004), History of the Prophets, Qur'anic Stories from Adam to the End of the Prophets, Vol. 1, Andisheh Knowledge Publishing House ,Tehran.
- Shirazi, Saadi Musleh al-Din (1983), Divan Ghazliyat Ustad Sakhn Saadi Shirazi, courtesy of Khalil Khatib Rahbar, Mahtab Publishing House, Tehran.
- Attar, Sheikh Fariduddin (1986), Mantiq al-Tair with correction and commentary of Sayyed Sadeq Gohrain, fourth edition, Scientific and Cultural Publications, Tehran.
- Maulana, Jalal-ud-din Mohammad Balkhi (1999), Shams Tabriz College ,edited by Badi' al-Zaman Frozanfar, Amir Kabir Publishing House, Tehran.

- Nishapouri, Ishaq Ibrahim (1975), Tales of the Prophets, Revised by Habib Naamaei, Book Publishing House, Tehran.
- Saeb Tabrizi, Mirza Mohammad Ali (1985), Six Volumes, by Mohammad Qahraman, first edition, Scientific and Cultural Publishing House, Tehran.
- Arabic Books:
- Ibn Athir, Ali Ibn Muhammad (2006), Al-Kamal fi al-Tarikh, Dar Sader-Dar Beirut, Beirut.
- Dakhel, Ali Mohammed Ali (2012), Al-Qass and Autobiography, Vol. 1, Dar es Salaam, Egypt.
- Al-Sha'rawi, Muhammad Matwali (2006), Tales of the Prophets and their Comparison of the Sirah of the Prophet (PBUH), Fifth Edition, Dar Al-Tanweer ,Cairo.
- Ibn Katheer, Abi al-Fada' Ismail (1988), Tales of the Prophets, Tahqiq Mustafa Abdul Had, Third Edition, Al-Talib Al-Jami'i Library, Ministry of Information, Makat al-Makrama.